کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# ڕێگای گەل

ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

ژمارەی 45

گولانی 1387

زولم هەر چی زیاد بێت
هەموو کات نابێتە هۆی بە وجود هاتنی
موقەعیەتی شۆڕشگێرانە لە ولاتێک , لە زوربەی
کاتەکان بۆ شۆڕش بە تەنیایی بەس نیە کە
چینەکانی خوارەوە نەیانەوەێ لە گەڵ
هەلۆمەرجی کۆن بژین بەڵکو هەروەها پیویستە
کە چینەکانی سەرەویش نەتوانن بە شێوەی
کۆن حوکمرانی بکەن .

یادی لنینی مەزن لە پەروەردە مەزنەکانی ئەو هەتا هەتایە زێندووە.





سازمان اتحاد فدائیان کمونیست
Iranian Fedaian Communist League
کومیتەی کوردستان
Committee of Kurdistan

لەم ژمارەیەدا . . .

سەلەفی کیە و سەلەفیەت چیە ؟
ل 2

قەیرانی ئیمپریالیزم و هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا !
ل7

ئیستالین ، وەك سیمای ئیرادەی پۆلائینی پرولیتاریا
ل10

بە سەرهاتی مردنێکی مێژوویی
ل 12

پەرەساندنی رۆژ لە دوای رۆژی گرانی و ......
ل 17

کار ، خانوو ، ئازادی ، کۆماری فیدراتیوی شووڕایی !



# سەلەفی کیە و سەلەفیەت چیە ؟

بۆ ئەوەی کە باشتر لەم مەوزوعە تێ بگەین و بزانین لە راستی دا سەلەفیەت وەک لقێک لە مەزهەبی ئیسلام خاوەن چ بیروکەیێکە ، پێویستە لە سەرەتاوە هەر چەند کورت بروانینە مەزهەبی ئیسلام و کورتە مێژووی ئەو . لە بەر ئەوەی کە سەلەفیەت شتێک نیە جگە لە شێوەیێکی بیر کردنەوە لە ئیسلام و لە خزمەتی ئەودایە و لە کات و شوێنی پێویست ئەم شێوەی تێروانینە بە بابەتەکانی ئیسلامی سەرهەڵدەدات و ناکرێ وەک بابەتێکی جیا لە بابەتی مەزهەب بە گشتی و ئیسلام بە تایبەتی باسی لە سەر بکەین . بۆ ئەم مەبەستە کورتەیێک لە باسی هاوری مەزن فیدایی شەهید بیژەن جەزەنی لە کتێبی ماکسیزمی ئیسلامی و یان ئیسلامی مارکسیستی سەبارەت بە مەزهەبی ئیسلام دێنین . هاوری جەزەنی دەڵێ :

*" ئیسلام چیە ؟*

*1_ئیسلام لە سەرەتای پەیدا بوونی ئەودا : ئیسلام شەریعەتێکە کە محەمەد کوری عەبدوڵلا یەکێک لە ئەفرادی عەشیرەتی قورەیش لە عەشیرەت و هوزەکانی عەرەبی وەک دوورگەی عەرەبستان لە مەودای زۆرتر لە بیست ساڵ ئەوی دارشت و ڕایگەیاند . سەرەرای محەمەد , کەسانیتر کە لە سەرەتاوە هاتە بوونە لای ئەو لە نووسینی شەریعەتی تازە سەرهەڵداو بەشداریان هەبووە . قورئان کتێبی ئەساسی شەریعەتی ئیسلام , دوای مردنی محەمەد کۆکرایەوە دارشترا . ریزێک کە سورەکان ئایەتەکانی ئەم کتێبە هەیەتی بە شێوەیەک لە سەر ئەساسی پاش و پێشی کات نەنووسراوە . سورەکانی قورئان , ئامۆژگاریەکان و قسکانێکە کە بە پێ پێویستیەکان و هەل و مەرجەکانی جۆراوجۆر لە لایەن محەمەد نووسراوە دەتوانین ئەوان بە پێ ناوەرۆک و مەبەستێک کە شارەعی دین لە بەیانی ئەوانی هەبووە دەستە بەندی بکەین . بە شێوەیەکی گشتیدا ناوەرۆکی قورئان بریتیە لە بابەتەکانی خوارەوە : ئەلف داستان و ڕەوایەتەکانی مەزهەبی دینەکانی پێش لە محەمەد , بە تایبەت داستانەکان و ئەو ئۆستورانەی کە ئیعتیبار و بەڵگەیە بۆ شەریعەتی تازە و شارەعی ئەو .ب _بیر و بۆچوونەکانی مەزهەبی و قەومی بە عەرەبەکان لە قورئان کە بووە هۆی ئاشنا و بوون و تەفاهومی خەڵک لە گەڵ شەریعەتی و نوێ و زەمینە بۆ قبووڵ کردنی مەزهەبی هیچ نوێی خۆش کرد . ج_ دەستووری کار و کردەوەی مەزهەبی کە بە گشتیدا لە گەڵ هێندێک گۆرانکاری لە دینەکانی پێش دا هەبووە . د_دەستوورەکانی کار و کردەوەی کۆمەڵایەتی کە بە تایبەت لەم بەشەدا , محەمەد کارێکی تازەی کردووە و بە لە بەرچاو گرتنی پێویستیەکانی کۆمەڵایەتی دەورەی خۆیدا , دەستوورەکانی پێشکەوتووی ڕاگەیاند و لە ئاکام دا زەمینەکانی عەینی و زەینی پێویست بۆ بڵاو بوونەوە و پەرەساندنی نفوزی شەریعەتی خۆی فەراهەم کرد . لە بەرانبەریدا قامک لە دەم دادەنن کە هید جۆرە ئاشنابوونێکی زانستی بە*

به نیسبەت دین و مەزهەبەکان و بیر و بۆچوونەکانی فەلسەفی مرۆڤی پێش لە ئیسلامیان نەبێت و پرۆسەی گەشەکردووی ئەو نەناسن . قورئان واتە موعجزەی محەمەد پڕە لە بیر و بۆچوونەکانی مرۆڤی سەرەتایی , ئاسەوارەکانی دینەکانی « ئانیمیزم » – « توتەمیزم » – « فەتیشیزم » , لە قورئاندا زۆر ئاشکرایە . بەم جۆرە ئیسلام نەتەنیا خاوەن ناوەڕۆکێکی بە تەواوی ئایدەئالیستی فەلسەفیە بەڵکو قورسائیەک لە تابو و ڕێ و ڕەسمەکانی بێگانە بۆ مرۆڤی هاوچەرخی خۆیشی بە سەر شانی خۆیدا ڕادەکێشێ . روونکردنەوە و شی کردنەوەی ناوەڕۆکەکانی مەزهەبی قورئان لەم کورتە باسەدا ناگونجێ , بەلاّم دەتوانین ئاماژە بە نیشانەکانی خوارەوە بکەین : پەرستینی حجرالاسود ( حەجەرولعەسوەد یان بەردی ڕەش ) و ئاوی زەمزەم و بەردباران کردنی ( ڕەجیمی ) شەیتان ,

پیرۆز زانینی هێندێک لە میوەکان و بەرهەمەکانی کشتوکاڵی وەک هەنجیر و زەیتون و خورما ,

پیرۆز زانینی چیا و شارەکان و هەڵبژاردنی ناوی « اللّه » کە یەکێک لە خواکانی عەرەب بوو بۆ تەنیا خوای ئاسمانی ,

هەروەها بە ڕەسمی ناسینی هەموو پەیغەمبەران و ئەفسانەکانی بەنی ئیسرائیل و عیسا و مەسیح , کە هەموویان نیشاندەری تێکەڵاو بوونی شەریعەتی ئیسلامە . کۆرتە قسە ئەمەی کە لە قورئاندا تەنانەت یەک بابەت وجودی نیە کە لە گەڵ دینەکان و بیروبۆچوونەکانی پێش لە محەمەد و یان لە گەل پیویستیەکانی کات و شوێنی خۆدی ئەو

باری زانستی و مێژوویی روون نەکرێتەوە . بە واتایێکیتر هیچ شتێک لە قورئاندا نیە کە مرۆڤێکی ئەم سەردەمە لە ڕێگای بیر کردنەوە و لێکۆلینەوە بە ئاسمانی بوونی و ئەم کتێبە قەناعەتی پێ بکات . ریشەی ئەساسی ئایدەئالیزمی ئیسلام لە سەر ئەساسی بوونی خوای غەیری ئاسایی و مانەوەی ڕۆح و ڕەستاخیز و پاداش و غەرامەی دوارۆژ دانراوە . دەستوورەکانی خاوەن دین لە بێبەری کردن و هۆشیار کردنەوە و هاندان , بۆ ڕەستاخیز و دادگای دوارۆژە . بەم شێوەیە زمانی قورئان و محەمەد لە سەر ئەساسی بورهان و مەنتێق , تەنانەت تا ئەو ڕادەیە کە لە سەدەی شەشەمی زائینی بە کار دەهات , نیە . محەحەد حوکم دەکات کە ئەم کارە بکە و ئەو کارە مەکە , چونکە خودا ئەم جۆە پێ خۆشە و بەهەشت و دۆزەخ لە بەرانبەر کارەکانی تو چاوەڕوانی تویە . بەلاّم ڕاستی ئەمەیە کە نە تەنیا سەرنج ڕاکێشانی پاداشی دوارۆژ بەڵکو ئاکامەکانی ئاسایی و ئەم دونیایەی شەریعەتی ئیسلام بوو کە کۆمەڵانی عەرەب بەرەو لای خۆی ڕادەکێشا . ئیسلام لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژی عەشیرەتەکانی عەرەب یەکگرتوویی و گەشە کردن و پەرەساندنی کۆمەڵایەتی بوو و یەکەمین ئیمپراتوری عەرەبی پێک هێنا . پێش لە ئیسلام , عەرەبەکان لە ناوچە جۆربەجۆرەکان حکومەتی خۆیان هەبوو کە گرێنگترینی ئەوان لە بەشەکانی ولاّتی شام , ناوچەکانی باشووری ناوەراستی دوو رووبار ( بین النهرین ) و یەمەن بوو . حکومەتەکانی بچووکتریش لە مەکە و مەدینە هەبوو . لە گۆرانکاریەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری

ولاّتی وەک دوورگەی عەرەبستان بەو جێگایە گەیشتبوو کە سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیەک وەک ئیسلام سەری هەڵدا و لە مەودایێکی کورت خایەندا حکومەتێکی یەکپارچە لە عەشیرەتەکانی دواکەوتووی عەرەبەکان و ناوچەکانی پێشکەوتووتری پێک هێنا و دەستی دایە دەس درێژی بۆ سەر ناوچەکانی دەوروبەری خۆی . لاوازی و مەرگی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕێژیمەکانی روم و ساسانی لە لایێکەوە و ناوەڕۆکی تا ڕادەیەک پێشکەوتووی ئیسلام لە لایێکە دیکەوە بووە هۆی بلاّو بوونی حکومەتی ئیسلامی عەرەبەکان . بەم شێوەیە ئیسلام وەک مەزهەبێک بۆ عەشیرەتەکانی عەرەب و پاشان بۆ کۆمەڵگاکانیتر کە لە ژێر سەیتەرەی ئەودا بوون , ڕۆڵێکی گرێنگی بینی . ئەم ڕۆڵە بە تەواوی ئەو ڕۆڵە بوو کە مەزهەبی موسا بۆ بەنی ئیسرائیل و دینی زەردەشت بۆ قەومەکانی پارسی و ئێرانی و مەسیحیەت بۆ روم و پاشان نەتەوەکانی ئۆروپایی دەبینی .

**ئیسلام به درێژایی مێژوودا**

بوارە پێشکەوتووەکانی ئیسلام , نیشاندەری پەرەساندنی پەیوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی عەرەبەکان بوو . دروشمەکانی پێشکەوتووی ئیسلام بووە هۆی ئەوەی کە نەتەوەکان و قەومەکانی جگە لە عەرەبیش لە ڕزگاربوونی خۆیان لە سوڵتەی سیستەمی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی داسەپاو بە سەریاندا لەوێ یارمەتی وەرگرن و لانی کەم بۆ پەرەساندن و بلاّوبوونەوەی ئەو ئاسانکاری بکەن . بەلاّم زۆر بە خێرایی دەسەلاّتداریەتی ئیسلامی کە مانای ڕاستەقینەی ئەو دەسەلاّتداریەتی عەرەبەکان بە سەر قەومەکانی

غەیری عەرەب بوو وەک هەمیشە بووە بیروبۆچوونەکان و نەریت و هۆی دیل بوونی خەڵکان و پەرە گرتنی ڕێورەسمەکانی مەزهەبی لە حاڵەتی خەباتەکانی دژی عەرەب . کۆچی یەکگرتنێک کە پێشتر هەیبوو وە دەرهات . عەشیرەتەکانی عەرەب لە مەودای لە گەڵ بیروبۆچوونەکانی مەزهەبی و شەڕەکانی داگیرکەرانە کە لە ژێر ناوی قەومی نەتەوەکان تێکەڵاو بوو و لقەکان و جیهاد ئەنجام دەدرا بووە هۆی ئەوەی کە مەزهەبەکان و چلەکانی جۆراوجۆری پێک ناوەراستی دوو ڕووبار ( بین النهرین ) و هێنا .تەشەیوع یەکێک لە لقەکانی تێکەڵاو , باکووری ئەفریقا بەرە بەرە « عەرەبی » شیعەگەریە کە بیروبۆچوونەکانی بکرێت و لە گەڵ قەومەکان و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی غەیری ئیسلامیی تایبەتمەندیەکانی ناوچەیی عەرەبەکانی لە گەڵ ئیسلام تێکەڵاو کردووە . مەسەڵەی کۆچکراو تێکەڵ و یان یەک بگرن و ئیمامەت و میرات پێگەیشتن لەوێ و کۆمەڵگاکانی چەند قەومی پێک بێت و لەم مەسەڵەی مەهدی ڕزگاریدەر لە گەڵ یەک کۆمەڵگایانە بەرە بەرە زمانی عەرەبی جێگای زمانەکانی ئەو ناوچەیانە بگرێت و تایبەتمەندیەکانی قەومی غەیری عەرەب لە ناو بچێت . زۆر زوو و کومتر لە تێپەر بوونی یەک نەسڵ , حکومەتی شەرعی ئیسلام بووە حکومەتی خاکی و ئەم دونیایە و ئیمپراتۆری ئۆمەوی و عەباسی , سیمایێکی بە تەواوی ئەم دونیائیەی بە خۆوە گرت . لە لایەکی دیکەوە



بیروبۆچوونەکانی ناوچەیی مەزهەبیی پێک هێنا کە ئایدۆلۆژی چینەکانی مام ناوەندی سەردەمی لە خەبات دژی دەسەڵاتداریەتی خەلیفەکان و جیایی خوازی لە ئیمپراتۆریەکانی نیشان دەدا . شیعەگەری بۆ جارێک لە کاتی بزووتنەوەی شەعوبی پەرەی گرت و بە لاواز بوونی ناوەندی خەلافەت و جیایی بە کردەوەی لە ئیمپراتۆری ئیسلامی بەرەو لاوازی ڕۆیشت و لە گەڵ بەهێز بوونی ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ جارێکیتر گەشەی کرد و لە سەرەتای بزووتنەوەی سەفەویەکان , مەزهەبی ڕەسمی ئێران بوو . شیعەی دوانزە ئیمامی لە ئیسلام تەنیا قورئانی قبووڵ کردووە و لە زۆر لە بۆچوونەکانی خۆی لە گەڵ مەزهەبەکانیتری ئیسلام جیاوازی ئەساسیی هەیە . ڕەوایەتەکان و حەدیسەکانی تزویرێک کە بە پێ پێویستیەکان کۆکراوەتەوە , ئەسڵەکانیتری شیعەیە . ئەسڵی ئەساسی ئیجتەهاد , ئیمکانی بێ سنووری بۆ وەرگرتنی شێوەکانی غەیری ئەسیلی قورئانی یان ئیسلامیی بە وجود هێناوە . لە ڕوانگەی فەلسەفیەوە شیعەگەری لە سەر ئەساسی ئەساڵەتی عەقڵی ئەرەستۆ دانراوە و زانستی کەلامی شیعە واتە فرقەی فەلسەفی ئیعتەداڵی لە بەرانبەر زانستی کەلامی تەسەنن قەراری گرتووە . دەزگای مەزهەبی شیعە وەک هەموو دەزگاکانی مەزهەبی لە سەدەکانی ڕابردوودا هاوپەیمان و تەواوکەری سیستەمی دەرەبەگایەتی بووە و لە ئەسڵی ئیجتەهاد نە بۆ پێشکەوتنی مەزهەب بەڵکو بۆ هەر چی زۆرتر بە خزمەت گرتنی مەزهەب لە کاروباری

حکومەت بۆ چەوساندنەوە و بە زنجیر کێشانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش کەڵکی وەرگرتووە . بەم شێوەیە هەڵەی تەواوە ئەگەر مرۆڤێک بیهەوێ ئیسلام و تەشەیوع لە سنووری قورئان و یان چەند کتێب بە ڕواڵەت جوان بخاتە بەر هەڵسەنگاندن . ئیسلام لە هەر کۆمەڵگایەک و تەشەیوع لە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵێکە لە بیروبۆچوونەکانی ڕەسمی و غەیری ڕەسمی و قورئانی , لە گەڵ ڕێورەسم و نەریتەکانی کە بە درێژایی مێژوودا ئاڵوگۆری بە سەر هاتووە و بووەتە غەیری گرێنگترین بابەتەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی .

ئیسلام و ئیستعمار : هەروا کە ئاماژەمان پێکرد , ئیسلام لە دەورەکانی جیاوازدا , ئایدولۆژی قەومەکان و ئەو دەوڵەتانەی بووە کە قەومەکان و خەڵکانیتریان بە ناوی جیهاد لە ڕێگای دین , دینی سەرتر و بە حەق دیل کردوون . هێرشی حکومەتی عەرەبی ئیسلام لە سەرەتای ئیسلام و پاشان ئیمپراتۆری ئومەوی و عەباسی یەکەمین دەورەی هێرشە . لەشکەرکیشیەکانی مەحموودی غەزنەوی بۆ هیند و پاشان دەسەڵاتدارانی موسڵمانی موغوڵ بۆ هیند ڕووێکیتری ئەم هێرشەیە . ئاخیرین دەورەی هێرش , لەشکەرکێشیەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ ئوروپای باشووری ڕۆژهەڵات و باڵکانە کە چەند سەدە دەسەڵاتداریەتی تورکەکانی بە سەر نەتەوەکانی مەسیحیی شکست خواردوی داسەپاند . ( دیل بوونی نەتەوەکان و قەومەکانی غەیری تورکی موسڵمانیش لە ژێر ئاڵای خەلافەتی ئیسلامی تورکەکانی عوسمانی ئەنجامی گرت . ( سرووشتیە کە لە بەرانبەر ئەم

هێرشانە دینەکان و مەزهەبەکانی نەتەوەکان و قەومەکانی دیل کراو لایەنەکانی لە بەربەرەکانی و خۆڕاگریی لە بەرانبەر ئەم هێرشانە بە خۆوە گرتووە . نموونەی ئەو بزووتنەوەی خورەم دینان و فرقەکانی زەندیق و بۆچوونەکانی زەردەشتی ئێرانیەکانە لە بزووتنەوەی شەعوبی و بەربەرەکانی مەزهەبی کلیسای مەزهەبی لە وڵاتەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە ئوروپا . ( جیایی و بەربەرەکانی فرقەکان و مەزهەبەکانی جۆراوجۆری موسڵمان وەک شیعەی و وەهابی و هیتدیش جۆرەیەک لە کردەوەی بەپێچەوانەی مەزهەبی لە بەرانبەر خەلافەتی ئیستعماری عوسمانیە . ( . بەم شێوەیە تێدەگەین کە ئیسلام و مەزهەبەکانی جۆراوجۆری ئەو خاوەن ناوەڕۆکێکی سرووشتی و دەروونی دژی ئیستعماری نەبوون و بۆچوونەکان و مەیڵەکانی دەس درێژکارانە لەم دینە وەک دینەکان و مەزهەبەکانیتر وجودی هەیە . بەڵام لە سەدەکانی ڕابردوودا ئیستعماری ڕۆژئاوا نەتەوەکان و قەومەکانی موسڵمانی لە جێگا و شوێنێکی تازە قەرار دایە . بە لە بەرچاو گرتنی ئەمەی کە هەموو وڵاتەکانی ئیسلامی لە باکووری ئەفریقیا گرتووە تاکو ئەندونزیا , وڵاتانێک بوون کە کەوتوونەتە بەر دەس درێژی ئیستعماری مەسیحی , دینی ئیسلام و دەزگای مەزهەبی پەیوەندیدار لە گەڵ ئەودا کەوتووتە حاڵەتی دیفاعی و تایبەتمەندیەکانی دژی ئیستعماری نەتەوەکان و قەومەکانی ژێر ئیستعماری ئەم وڵاتانە جار و بار لە سەر باڵەکانی لە دەزگای پیاوە ئائینیەکانی ئیسلامی کاردانەوەی هەبووە . بە تایبەت لە یەک

سەدەی ڕابردوودا , ناسیونالیزمی عەرەب لە گەڵ ئیسلام تێکەڵاو بووە و یەک زمان و دینی نەتەوەکانی جۆراوجۆری وەک نەتەوەی عەرەبی لە ژێر ئاڵای ناسیونالیزمی دژی ئیستعماری پێکەوە نزیک کردووتەوە . لە وڵاتی ئێمەیش لە یەک سەدەی ڕابردوودا ئەم بیروبۆچوونانە جار و بار لە دەزگای مەزهەبی دیتراوە . لە هەمان حاڵدا کۆڕ و کۆمەڵەکانی پیاوە ئائینیەکان وەک هاوپەیمانی دەرەبەگایەتی کە خۆی زۆر جار دەس لە ناو دەستی ئیستعمار هەیە یارمەتیی داوەتە قازانج و بەرژەوەندیەکانی ئیستعماری . بەم پیشەکیە , ئەم ئەسڵە کە ئیسلام خاوەن ناوەڕۆکێکی بە تەواوی جیاواز لە مەسیحیەت و یان دینەکانیترە ڕەت دەکەینەوە و تەنیا جێگا و شوێنی تایبەتی نەتەوەکانی ژێر ئیستعماری موسڵمان وەک هۆکارێک دەژمێرین کە باڵەکانێک لە دەزگای پیاوە ئائینیەکانی بە بزووتنەوەی دژی ئیستعماری نزیک کردووتەوە . ئەم بیروبۆچوونە دژی ئیستعماریانە نە لە شەریعەتی محەمەد و نە لە بیروبۆچوونەکانی تێکەڵاو کراوی ئەو خۆی شاردووتەوە و تەنیا سەرچاوە گرتوو لە ئیستعماری نەتەوەکان و قەومەکانی موسڵمانە . ئاوا کە لە نەتەوەکانی ژێر ئیستعماری غەیری موسڵمانیشدا ئەم بیروبۆچوونانە وجودی هەیە و مەزهەبەکانی ئەوانیش ڕۆڵی دوولایەنەی خۆیان بە قازانج و بە دژی ئیستعمار دەبینن . دین و مەزهەبەکان ئەگەرچی بە درێژایی مێژوو ئاڵوگۆری بە سەر دێت و هێندێک لق و فەرع بە پێ شوێن و کات و جێگا و شوێنیمێژوویی و جوغرافیایی بە ئەوان ئیزافە دەکرێ , بەڵام خاوەن

دواکەوتوویی و دوگماتیزمێکی تایبەت بە خوێان و ئەساسەکان و هەلومەرجی ئەسڵی هەروا لە پاڵ بیروبۆچوونەکانیتر دەپارێزرێ , بەڵام لە بەرانبەر ئەم دواکەوتوویی و ڕاوەستانەدا , کۆمەڵگا بەرەو پێش دەچێ و گەشە دەکات و پێویستیەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری , بڕیاری سەر لە نوێ لە مەزهەب دەکاتە پێویستێکی حەتمی .

بەڵام سەلەفیەت وەک یەکێک لە دوو لقی گەورەی مەزهەبی سوننە ئیمان بریتی دەزانێ لە پەیوەندی وەعد و کردەوە و ڕێک کردنی قسەکان لە گەڵ ئایەکان ،حەدیس و قسەکانی پەیغەمبەر و پیاوانی ئایینی . سلفی گەری لە سوننەدا وەک جەعفەری لە شیعەدا تەعبیر دەکرێ . گەورەترین ڕێکخستنی سەلەفی لە سەرەتاوە دەگەڕێتەوە بۆ تەعسیراتی بیروبۆچوونەکانی هێندی ئوسولگرای ئیسلامی لە وڵاتی میسر وەک عومەر عەبدولرەحمان کە ئێستا لە وڵاتی ئەمریکا زیندانیە ، عەبدوللا عوزام کە لە ئەفغانستان تیرور کرا و سەید قوتب و ئەبن تەیمیە . بە ڕواڵەت لە گەڵ ئیسلامی میانەرەو سنووریان هەیە و بە دژی غەیری جیهادیەکان هەلویست وەردەگرن و دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی لە سەر ئەساسی پەروەردەکانی ئایاتی قورئان و پەیغەمبەر بە ئەرکی خێرای خۆیان دەزانن . ئەمانە هەموو بە ڕواڵەتن و بە چاوخشاندنێک بە سەر کردەوەی ڕێکخستنەکانی سەلەفی لە ناوچەکە لە ئەفغانستان و کوردستانی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بۆمان دەردەکەوێ کە تەنیا ئامرازێکن بۆ جێ بە جێکردنی سیاسەتەکانی ئیمپریالیستی و دواکەوتووانە لە سەرانسەری جیهان و بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست . لە مێژە کە ئیمپریالیزم بۆ بەلارێ بردنی هێزی پوتانسیەلی شۆرشگێرانەی خەڵکی ژێر ستەم کە دەتوانێ کۆلەکەکانی دامەزراندنی کۆمەڵگای یەکسان و سوسیالیستی بێت پەنای بردووتە بیروبۆچوونەکانی فوسیلی ناو مێژوو و دوژمنی دەستکردی خۆی بە خەڵک دەناسێنێ تاکو دوژمنی لە ئاستی دواکەوتوویی تێپەر نەبی و لە چوارچێوەی دڵخوازی خۆی بمێنێتەوە . بە دوای کوردستانی عێراق ئێستاکە نورەی کوردستانی ئێرانە تاکو بیێتە تاقیگەی زیندوو کردنەوەی بیروبۆچوونەکانی عەسر حەجەری سەلەفی گەری و لە سایە سەری کۆماری دواکەوتووی ئیسلامی گروپە ئیسلامیەکگانی سەلەفی ئازادانە بیروبۆچوونی کۆن و ڕزیوی خۆیان تەبلیغ دەکەن و لە شارەکانی سنە و سەقز و شارەکانی تری کوردستان بۆ خەڵک داویان پان کردووتەوە و بە دڕندانەترین شێوە نەیارانی خۆیان بە بیانوی کوفر و ئیلهاد و لەم چەشنە موزەخرەفاتە لە پێش چاو خەڵک سەر دەبرن و فەلسەفەی ئیسلامی بە پێ هەلومەرجی ئێستا بۆ خەڵک شی دەکەنەوە ! فەلسەفەی ئیسلامی هیچ کات بە لەبەرچاوگرتنی ناوەرۆکیدا ناتوانێ بە دژی سیستەمی سوڵتەی ئیمپریالیزم بێت و لە ئەساسدا زوڵم و ستەم برووخێنێ لە بەر ئەوەی کە بەدیلێکی شۆرشگێرانەی چ لە بواری ئابووری و چ لە بورای کۆمەلایەتی و چ لە بواری سیاسی بۆ سیستەمی حاکیم نیە . تەنیا مەبەست ڕووخانی سەرخانی سیاسی حاکیم و دامەزراندنی سەرخانی سیاسی ترە بە هەمان ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی پەیوەندیەکانی چەوسێنەرانەی زاڵ بە سەر کۆمەڵگادا .

سەلەفیەکان بە گشتیدا وەک شیعەکان تێدەکۆشن تاکو لە ئەحساساتی خەڵکی وەزاڵ هاتوو لە ستەم کە هیچ کات تێکەڵ بە تێگەیشتنی چینایەتی و شۆرشگێرانە نابێ ، کەڵک وەرگرن و بۆ خۆیان سەربازگیری بکەن و بۆ ئەم مەبەستە لە شێوەکانی جۆراوجۆر و زۆرتر لە شێوەی بە وجود هێنانی کەش و هەوای ترس و توقاندن و تیرور ئیستفادە دەکەن و نموونەی زۆر ئاشکرای کردەوەی ئەوان لە کوردستاندا کردەوەکانی گروپی سەلەفی ئەنسار وئلیسلام و لەم دوائیانەدا ئەنسارولسوننەیە . سوننە و شیعە ، سەلەفی و حەنەفی و شافیعی و جەعفەری و . . . هەموویان وەک لقەکانی مەزهەبی ئیسلام بە پێ هەلومەرج پێک هاتوون و زۆر بیرو بۆچوونێکی هەڵەیە ئەگەر ئەوان بەتەنیایی بخەینە بەر هەڵسەنگاندن و لە چوارچێوەی قورئان وئایات و ئەحادیس بە دوای ناوەرۆکیان بگەرین . ناوەرۆکی مەزهەب و بە تایبەت ئیسلام و لقەکانی ئەم مەزهەبە لە پەیوەندیەکانی زاڵ بە سەر کۆمەڵگا سەرچاوە دەگرێ و کردەوە و تەبلیغیش بە پێ هەلومەرج دەگۆردرێ . قەیران و نارەزایی لە ناوخۆی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە مەزهەب و شێوازەکانی هەلویست وەرگرتنەوە و کردەوەی ئەو و لقەکانی بۆ کونترۆلی وەزعەکە ئیستفادە بکرێ . بۆیە پەرەساندنی سەلەفی گەری بابەتێکە کە پەیوەندی هەیە بە قەیرانی کۆماری ئیسلامی و ئەگەری بە وجود هاتنی زۆر مەسەلەی خەتەرناک بۆ کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا .

# قەیرانی ئیمپریالیزم و هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا !



بە تێپەربوونی چوار ساڵ بە سەر هەڵبژاردنەکانی پێشووی ئەمریکا کە بووە هۆی سەرکار هاتنی جورج بووش ، بۆ جارێکی تر گەمەی " دیموکراسی بورژوایی " لە ئەمریکا دووبارە دەبێتەوە و ئەم جارەیان نوێنەرێکی کۆماری خوازەکان و یان دیموکراتەکان کاروباری سەرۆک کۆماری بۆ چوار ساڵێکی تر دەباتە ڕێوە .

ڕاستێکی هاشا هەڵنەگرە کە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری واتە ئەو کۆمەڵگانەی کە کەمینەیێکی دیاریکراو بە هۆی دەس بە سەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان ، بە سەر زۆرینەی هەرە زۆری کۆمەڵگادا حوکم دەکەن ، دیموکراسی ڕەنگ و لەعابێکە بۆ ئەوەی کە لەم ڕێگایەدا دیکتاتوری چینی سەرمایەدار جێ بە جێ بکرێ . تەنانەت لە " دیموکراتیک " ترین وڵاتانی سەرمایەداری دیموکراسی مانایێک جگە لە بەرێوە بردنی دیکتاتوری چینی دەسەڵاتدار نیە . لە ولاتانی سەرمایەداری لە کۆتایی دا ئەم مافە دەدەنە خەڵک تاکو هەر چەند ساڵ جارێک خۆیان هەڵبژێرن تاکو چینی دەسەڵاتدار لە ڕێگای کامین حیزبەوە و نوێنەرانی خۆی و لە ژێر چ ناوێکدا بە سەر خەڵک حوکم بکات ، و ئەوانی سەرکوت بکات . لە ئەمریکایش کە حکومەتی دولار و سەرمایە زاڵە وەزعەکە بەم شێوەیە هەیە کە ئاماژەمان پێ کرد .

" دیموکراسی " ئەمریکائیش ئەم مافە دەداتە خەڵک کە هەر چوار ساڵ جارێک بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان تاکو دیاریی بکەن کە کامین لە نوێنەرانی پاوانخوازیەکان و لە کامین حیزبەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ زوڵم لە خەڵک بکات ، لە ژێر ناوی دیموکراسی ، دیکتاتوری چینی دەسەڵاتدار بەرێوە ببات و قازانجەکانی پاوانخوازیەکانی ئەمریکایی لە ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی دابین بکات و بیپارێزێ . هەموو جوملە سازیە بێ ناوەرۆکەکانی تیئوری دارێژەران و لایەنگرانی سیستەمی سەرمایەداری ، لە سەر " دیموکراسی " لە ئەمریکا و " باشتر بوون " و " دیموکرات بوونی " حیزبی دیموکرات بە نیسبەت کۆماری خوازەکان شتێک نیە جگە لە فریوی کۆمەلانی زەحمەتکێش ، ڕاستی ئەمەیە کە ئەحزابی دیموکرات و کۆماری خواز هەر دوویان بە یەک رادە نوێنەرایەتی سەرمایە دەکەن و پارێزەری قازانجەکانی پاوانخوازیەکانی ئەمریکائین . هێز و دەسەڵات لە ئەسڵدا لە ناو دەستی پاوانخوازیەکانی ئیمپریالیستیە و دیکتاتوری پازانخوازیەکانی ئمپریالیستی بەرێوە دەچێت .لە ئەسڵدا لە وڵاتانی سەرمایەداری ، دیموکراسی هیچ مانایێکی نیە جگە لە بەرێوە بردنی دیکتاتوری چینی حاکیم ، بەڵام شێوە و شێوازەکانی بەرێوەبردنی ئەم دیکتاتوریە لە هەر هەلومەرجێکدا پەیوەندیی هەیە بە هەلومەرجی خەباتی چینایەتی ، مەوقەعیەتی چینی حاکیم و بارودۆخی

نێودەوڵەتی و لە هەر وەزعێکی تایبەتیدا دەگۆرێ ، و بۆ بەرێوە بردنی دیکتاتوری چینی دەسەلاتدار تاکتیکەکانی جۆراوجۆر هەڵدەبژێردرێ تاکو دەسەلاتی سەرمایە پارێزاو بێت و قازانجەکانی پاوانخوازیەکان لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پاراستراو بێت .لە هەلومەرجی دیاریکراو و بەرێوەبردنی دیکتاتوری چینی حاکیم بە شێوەیکی ئەساسی لە گەل بەکار هێنانی تاکتیکی قەهر و سەرکوت و لە هەلومەرجەکای تر لە رێگای ئەنجامدانی ریفۆرم ، دانی ئیمتیاز و بە کورتی دا تاکتیکی فریودان و سووکایەتی کردن بە خەڵک بەرێوە دەچێت . سەرمایەداری جیهانی ماوەیکی زۆرە کە تووشی گەندەڵی و فیساد بووە و رۆژ لە دوای رۆژ قەیرانی مەزنتری تووش دەبێتەوە و لە مەنجەلابی پیستر دەست و پێ دەداتەوە و لە نیشانە و تایبەتمەندیەکانی ئەو دواکەوتویی سیاسیە . لە ئاوا هەلومەرجێکدا قسە کردن لە دیموکراسی بورژوایی بە تەواوەتی قسەیکی پووچ و بێ مانا و بێ ناوەرۆکە . بۆیە لە ئەمریکایشدا ئەوەی کە جێ بە جێ دەکرێ ، هەمان دیکتاتوری سەرمایەداری پاوانخوازیە . بورژوازی پاوانخوازی ئەمریکا بۆ پاراستنی سوڵتەی خۆی لە ئەمریکا و وڵاتانی ژێر سوڵتەی سەرمایەی جیهانی ، لە هەموو ئامرازەکانی مەوجود بۆ زوڵم و گوشار بۆ سەر خەڵک و قەهر و سەرکوت کەڵک وەردەگرێ ، تاکو سوڵتەی ستەمکارانە و تالانگەرانەی خۆی بە سەر گەلان و ولاتانی دیکەی سەر زەوی بسەپێنێ . بەلام لە هەمان حالدا بۆ فریوی کۆمەڵانی خەڵک و سووکایەتی کردن بە ئەوان کاتێک کە تاکتیکی قەهر و سەرکوت بە تەنیایی و بەو رادەیە کە چاوەروان دەکری کارامە و کاریگەر نابێ ، روو دەکاتە تاکتیکی ریفورم و فریو و رەساڵەت و یان ئەرکی جێ بە جێ کردنی ئەم تاکتیکەی دەخاتە ئەستوی نوێنەرانی خۆی کە لەم بوارەدا لە هەموو کەسێکی دیکە شارەزاترن .هەر بۆیە ئەو کاتەی کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا تووشی قەیرانێکی ئابووری و سیاسی دەبێ و شکستەکانی یەک بە دوای یەکی ئەو لە ئاستی جیهانی بێ کەڵک بوون و ناکارامە بوونی




تاکتیکەکانی کۆنی ئەو نیشان دەدات و دەیانسەلمێنێ هیلاری کلینتۆن و بە رواڵەت دیموکراتەکانی ئەمریکا بە ناوی " مافی مرۆڤ ! " ، بە ناوی " مروڤایەتی ! " بە ناوی " دیموکراسی ! " و چارەسەری قەیرانی ئابووری لە گەڵ تاکتیکەکانی نوێ هەنگاو دەنەنە ناو گۆرەپان تاکو بە ریفورم و فریوی کۆمەلانی خەڵکی ئەمریکا و گەلانی ژێر ستەمی سەرانسەری جیهان ، چوار ساڵی دیکە درێژە بە حکومەتی سەرمایەدارانی جیهانی بدەن . بەلام قەیرانی ئابووری و سیاسی ئیمپریالیزم بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا قووڵتر لەوەیە کە ئەم تاکتیکانە بتوانێ چارەسەریان بکات . سەرۆک کۆماری داهاتووی ئەمریکا لە کاتێکدا ئەم پوستەی وەردەگرێ کە ئیمپریالیزمی جیهانی گیرودەی قەیرانێکی پەرەئەستێنەر بووەتەوە . شکستەکانی یەک بە دوای یەکی ئیمپریالیزمی ئەمریکا وەک یەکەم هێزی ئیمپریالیزمی جیهانی لە رۆژهەلاتی ناوەراست و بە تایبەت لە عێراق قەیرانی ناوخۆیی ئیمپریالیزمی جیهانیی توندتر کردووتەوە . لاواز بوونی ئیمپریالیزمی جیهانی ، لێکترازانی ئابووری ئەو ، موزمن بوونی قەیرانەکانی زێدە بەرهەم ، پەرەساندنی بێکاری ، گرانی زیاد بوونی مالیاتەکان و هەزینەکانی کەمر شکێن لە سەر شانی کۆمەلانی خەڵک ، ، لەو بابەتانەیە کە نە جورج بووش و نە هیلاری کلینتۆن و نە بە رواڵەت نوێنەرانی سەربەخۆ ؟!!! ناتوانن بە تاکتیکەکانی خۆیان وەلامی بدەنەوە و چارەسەریان

بکەن . ئەوان ناتوانن سیستەمێک کە بەم شێوەیە تووشی گەندەڵی و فیساد بووە و لە ناوخۆوە رزیوە لە مەرگ و نەمان رزگار بکەن . ئەوان ناتوانن بە سەر قەیرانی ئابووری و سیاسی ئیمپریالیزمی جیهانی زاڵ بن . هەر وەک جورج بووش نەیتوانی قەیرانی ئابووری ئیمپریالیزمی ئەمریکا ، گرانی و بێکاری و هەزاران دەردی بێ دەرمانی کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمریکا چارەسەر بکات ئێستاکە پێویستە تاکو تاکتیکەکان بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی پاوانخوازیەکانی ئەمریکایی بگۆڕێ و گرێنگ گورینی تاکتیکەکانە نەک گورینی نوێنەرانی سەرمایەداری ئەمریکا بۆ ئەنجام دانی سیاسەتەکانی دیکتەکراو لە لایەن تیئوریسیەنەکانی ئابووری و سیاسی سەرمایەداری . ئەم جارە ئەگەر جورج بووش نەتوانی تاکتیکە شکستە خواردووەکانی خۆی لە ئاستی ناوخۆیی و جیهانی بە مەبەستی دابەزاندنی ئاستی قەیرانی ئابووری و سیاسی چ لە ئاستی ناوزخۆیی و چ لە ئاستی نێو دەوڵەتی بگوری بە دڵنیائیەوە بورژوازی پاوانخوازی ئەمریکا سوکانی راهێنانی کشتیەکە دەداتە دەستی نوێنەری حیزبی دیموکرات تاکو بە وەرگرتنی تاکتیکەکانی نوی و دەس نیشانکردنی ئەو تاکتیکانەی کە بۆ کەم کردنی قەیرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی کاریگەرن ، کۆمەڵگای سەرمایەداری جیهانی بە گشتی و سەرمایەداری پاوانخوازی ئەمریکا بە تایبەتی لە قەیرانەکان رزگار بکات . ئەمە گۆمانێکی دوور لە راستیە کە پێمان وابێت کە حیزبی دیموکرات " ئازادیخواز " و حیزبی کۆماری خواز " سەرکوتگەرە " هەر دووی ئەم حیزبانە

لە هەلومەرجی سوڵتەی سەرمایەداری پاوانخوازی لە ئەمریکادا هیچ سەرۆک کۆمارێک ناتوانێ بە بێ تەعید و لایەنگری و پشتیوانی پاوانخوازیەکانی جۆراوجۆری ئەمریکایی ، پینتاگۆن و رێکخراوی سیخۆری ئەمریکا ( سیا CIA ) بێتە سەر کار و هەر بۆیە دەبێ مو بە مو سیاسەتەکانی ئەوان جێ بە جێ بکات .

وەک نوێنەرانی سەرمایەداری پاوانخوازی ئەمریکا لە کاتی پێویست بۆ سەرکوتی کۆمەلانی خەڵکی ئەمریکا و گەلانی جیهان قەهر بە کار دێنن و لە هێندی کاتیش سیاسەتی درۆ و دەڵەسە و فریو بە کار دێنن . باشە وە بیر بهێنین کە کەنەدی وەک نوێنەری حیزبی دیموکرات دەسپێکری شەڕ بە دژی خەڵکی قارەمانی ڤیتنام بوو و لایەنگری لە پیسترین رژیمەکانی سەر بە ئیمپریالیزم بوو . کارتر وەک نوێنەری حیزبی دیموکرات زەمینەی سەرکار هاتنی رژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی ئێرانی فەراهەم کرد و بە توووندترین و وەحشیانەترین شێوەی مومکین بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی زوفاری لە سولتان نشینی عومان بە وەسیلەی شای ئێران واتە محەمەد رەزا شای خائین سەرکوت کرد .
هەڵبەتە دەبێ لە بەرچاو بگرین کە هەر کامن لە ئەحزابی دیموکرات و یان کۆماری خواز دەتوانن قازانج و بەرژەوەندی پاوانخوازیەکانی دیاریکراو زیاتر لە پاوانخوازیەکانی تر دابین بکەن ، بەلاّم ئەم شتە بە هیچ شێوەیەک نابێتە هۆی گۆرینی ناوەرۆکی سیاسەتی سەرکوتگەرانە و دواکەوتووانەی ئەم دوو حیزبە سەرەکیەی بورژوازی ئەمریکا و تەنها تاکتیکەکان بۆ گەیشتن بە ئیستراتژی روون و دیاریکراوی ئیمپریالیزم لە لایەن نوێنەرانی بورژوازی پاوانخوازی ئەمریکا بە پێ هەلومەرجی دیاریکراو دەگۆردرێ . هەر دووی ئەم حیزبانە واتە دیموکراتەکان و کۆماری خوازان لە قازانج و بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداری بە گشتی و لە قازانج و بەرژەوەندیەکانی پاوانخوازیەکانی ئەمریکایی بە تایبەتی وەک سەرکردەی ئیمپریالیزمی جیهانی دیفاع دەکەن و پاراستنی ئەو بە ئەرکی هەمیشەیی خۆیان دەزانن . لە هەلومەرجی سوڵتەی سەرمایەداری پاوانخوازی لە ئەمریکادا هیچ سەرۆک کۆمارێک ناتوانێ بە بێ تەعید و لایەنگری و پشتیوانی پاوانخوازیەکانی جۆراوجۆری ئەمریکایی ، پینتاگۆن و رێکخراوی سیخۆری ئەمریکا ( سیا CIA ) بێتە سەر کار و هەر بۆیە دەبێ مو بە مو سیاسەتەکانی ئەوان جێ بە جێ بکات . بی گۆمان هەڵبژاردنی هەر یەک لە نوێنەرانی ئەحزابی کۆماری خواز و یان دیموکرات رەنگدانەوەی هەیە لە سەر هەلویستی پاوانخوازیەکانی ئەمریکایی لە پەیوەندی لە گەڵ بابەتەکانی جیهانی و شێوەی رووبەروو بوونەوە لە گەل هەر کامین لە ئەوان . بێ گۆمان بە گۆرانکاری نەهاتن بە سەر تاکتیکەکانی کۆماری خوازان لە پەیوەندی لە گەل بابەتەکانی ناوچەیی و جیهانی و بەردەوام بوون لە شکستەکانی یەک بە دوای یەک لە ئاستی جیهانی بە گشتی و لە ئاستی ناوچەیی بە تایبەتی لە ناوچەی رۆژهەلاّتی ناوەراست وەک ناوەندی قەیرانی نێودەوڵەتی ، چاوەروان ناکری ئەرکی سەرۆک کۆماری بۆ چوار ساڵی داهاتوو لە لایەن بورژوازی پاوانخوازی ئەمریکایی بە ئەوان بسپێردری ، مەگەر ئەوەی کە تەنانەت لە یەک چرکەدا تاکتیکەکانی ئەوان بۆ پتەو کردنی دەسەلات و سەروەری جیهانی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی بگۆردری و و بۆ راکردن و دەرباز

بوون لە مەنجەڵاێک کە ئێستا بە تایبەت لە عێراق تووشی بوون بەرگی ئاسی خۆیان روو بکەن و بە گۆرینی تاکتیک هەر چەند لە زاهیریشدا بێت سەرکەوتنی سیاسەتەکانی خۆیان رابگەێنن . هەر چەند ئەم شێوانە لە شێوەکانی ناسراوی ئیمپریالیزمە و ناتوانێ لە مەنجەڵابی قەیرانی ئابووری و سیاسی کە تووشی بووە و رۆژ لە دوای رۆژ پەرە دەستێنێ رزگاری بکات و بە پێچەوانەدا شاهید دەبین کە چۆن قەیرانەکان پەرە دەستێنن و بزووتنەوەکانی رزگاری خواز و شێوازی قەهر ئامیزی خەبات لە سەرانسەری جیهان پەرەدەستێنێ . بەو رادەیە کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بۆ سەرکوتی گەلانی جیهان شێوەکانی قەهر ئامیز و توند و تیژی بە کار بهێنی بەو رادەیە قەهری شۆرشگێرانەی گەلانی ژێر دەستەی جیهان بە هێزتر لە هەر کاتێکی تر وەڵامی قەهری دژی شۆرشگێرانەی ئیمپریالیزم دەداتەوە . لە ئێرانیش بە هەڵبژاردنی هەر کام لە نوێنەرانی کۆماری خوازان و یان دیموکراتەکان سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران نزیک بوونەوە لە ئیمپریالیزمی ئەمریکایە و کۆماری ئیسلامی ئێران هەر دەم حازر دەبێ بۆ ئەم مەبەستە هەنگاوی بە کردەوە هەڵگرێ ، بەڵام بە هۆی قەیرانی ئابووری و سیاسی زاڵ بە سەر ئێران و پەرەساندنی نارەزایەتی کۆمەڵانی خەڵک و دژایەتی و ناکۆکیەکانی ناوخۆیی هەیئەتی حاکیمەی ئێران و ئەگەری هێرشی نیزامی بۆ سەر ئێران بۆ چارەسەری قەیرانی پەیوەندی نێوان ئێران و ئیمپریالیزمی ئەمریکا ،قەیرانی پەیوەندی لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و ئیمپریالیزمی ئەمریکا هەروا درێژەی هەیە .



# ئیستالین ، وەك سیمای ئیرادەی پۆلائینی پرولیتاریا

بە دوای رووخانی بلوکی رۆژهەڵات و راگەیاندنی سیستەمی نوێی جیهانی لە لایەن سەرمایەداری جیهانیەوە ، و پاشان هێرشەکانی یەک لە دوای یەکی سەرمایەی جیهانی بۆ سەر دەسکەوتەکانی چینی کرێکار لە ئاستی جیهانی شەپۆلێکی مەزن لە هێرش کردنەوە بۆ سەر رێبەرانی مەزنی چینی کرێکار و شۆرشی چینایەتی سوور لە لایەن سەرمایە جیهانی و تیئوری دارێژەران و قەڵەم بە موزدەکانی سەرمایە و سەرشۆرانی سیاسی لە سەرانسەری جیهان دەستی پێکرد و بە ناوی هەلویستی ئازادی لە بەرانبەر رێبەرانی بە کردەوەی مێژوویی ئەو سەنگەریان گرت و لەم نێوانەدا زۆر کەسی تێنەگەیشتوو لە باری سیاسی و چینایەتی لە رووی نەخوێندەواری سیاسی بە دوای ئەم شەپۆلە کەوت و بوو بە کاسەی لە ئاش داغتر !!

یەکێک لەم هێرشانە بۆ سەر هاورێ مەزن ئیستالینە وەک رێبەرێکی مەزنی پرولیتاریای جیهانی و شۆرشی مەزنی سوسیالیستی ئوکتوبەر . ئیستالین ئەم کۆمۆنیستە جەنگاوەرە ، خەباتگیری سەرسەخت و ئاشتی ناپەزیر کە لە کورەی خەباتی بلشویکی پەروەردە بوو و خزمەتی زۆر بەرجەستەی بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی کرد بە شێوەیکی بێرەحمانە و بە راستی دا دوور لە هەموو نەریتەکانی تەنانەت ئینسانی کەوتە بەر هێرشی جەریاناتی راست و بە رواڵەت چەپ .

ژیانی ئیستالین سەرانسەر خەبات ، ئیمان بە چینی کرێکار و هەوڵ و تێکۆشانی مانوویی نەناسانەیە لە رێگای سەرکەوتنی سوسیالیزم . ئیستالین لە 21 دیسامبەری 1879 لە تیفلیس لە دایک بوو . لە پانزە ساڵان دا لە گەل مارکسیزم ئاشنا بوو و لە هەژدە ساڵاندا بوو بە یەکێک لە هەلسووراوانی کوروکۆمەڵەکانی سوسیال - دیموکراتیک لە تیفلیس . لەم سەردەمەدا بەرپرسی چاپکردنی چەندین رۆژنامەی مەحلی بوو . ئیستالین لە ساڵی 1912 بوو بە سکرتێری دەفتەری کومیتەی ناوەندی حیزب و بوو بە بەرێوەبەری رۆژنامەی پراودا . لە ساڵی 1907 تاکو 1917 بە شێوەیکی نهێنی دەژیا و لەم مەودایەدا 7 جار دەستگیر کرا و شەش جار بۆ سیبری تەبعید کرا . و پینج جار لە زیندان هەڵات . ئیستالین هەمیشە لە شێوە وشێوازی لینین و حیزبی بلشویک پەیرەویی دەکرد و دیفاعی لێ دەکرد و لە ماوەی ژیانی لینین دا بوو بە سکرتیری گشتی حیزبی کۆمۆنیست . پاش مەرگی لینین 29 ساڵ رێبەری حیزب و دەوڵەتی سۆڤیەتی بە ئەستووە بوو و لەم مەودایەدا کە دژوارترین و حەساسترین قۆناغی خەبات بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم و سەرکەوتنی ئەو

بوو ، حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتی رێبەری کرد . ئیستالین پێداگرانە بە دژی بیورژوازی خەباتی کرد و بە لە ناوبردنی بەرهەم هێنانی تایبەتی و سەنعەتی کردنی ولات ئابووریی بە تەواوەتی لە دەستی

**دیفاع لە هەڵویستی ئوسولی و دروستی ئیستالین لە بەرانبەر بەلاڕێ چوونەکانی ڕاست و چەپ ، سەرەرای ڕەخنە گرتن لە هەڵەکانی ئەو بە تایبەت لە شێوەی خەباتی ناوخۆی حیزبی ، ئەرکی سەرشانی هەر کۆمۆنیستێکی ڕاستگۆ و شۆڕشگێڕە .**

بورژوازی دەرهێنا و لە کاتی ئەودا بە دامەزراندنی کوڵخۆزەکان و سوخۆزەکان بەرهەم هێنانی سەربەخۆ لە ناو چوو و کولاکەکان لە ناو چوون . لە مەودای شەڕی دووهەمی جیهانی دا لە ژێر تەعسیری رێبەری هوشمەندانەی ئیستالین دا زۆربەی گەلانی ولاتانی ژێر سولتە لە زنجیری ئیمپریالیزم رزگار بوون و بەرەو سوسیالیزم هەنگاویان هەڵگرت و ئوردوگای سوسیالیزم بە هێزتر بوو . خزمەتەکانی شایستەی ئیستالین پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ نوژەن کردنەوەی سەنعەت و ئابووری سۆڤیەت بووە هۆی سەرسوورمانی هەموو کەسێک . ئیستالین سەرجەم 55 ساڵ چالاکی حیزبیی کرد و لە نالەبارترین و دژوارترین هەلومەرجەکاندا رێبەرایەتی حیزبی بلشویک و دەوڵەتی سۆڤیەتی بە ئەستووە بوو . ئیستالین هەر لە سەرەتاوە کەوتە بەر کینە و نەفرەتی موبەلغینی بورژوازی و سوسیال – ریفورمیستەکان . بورژوازی رۆژئاوا لە پایداری ئەو پایداری پرولیتاریا و لە سەرکەوتنی ئەو مەرگی خۆی دەبینی . ئیستالین بورژوازی و وردە بورژوازیی لە سۆڤیەت لە ناو برد و بۆیە کەوتە بەر کینە و نەفرەتی هەتا هەتایی ئەژدەهای بریندار بورژوازی . بورژوازی هەوڵیدا سیمای دیکتاتوریکی خوێن مژ لە ئەو درووست بکات و لە گەڵ هێرش کردنەوە بۆ سەر ئەو هێرش بکاتە سەر یەکێتی سۆڤیەت . پرولیتاریا و زەحمەتکێشانی جیهانیش بە دیفاع کردن لە ئیستالین لە ئارمانەکانی پرولیتری و سوسیالیستی دیفاع دەکەن . مێژووی حیزبی بلشویک و بینای سوسیالیزم لە سۆڤیەت تێکەڵی ناوی ئیستالینی مەزن بووە . ڕەت کردنەوەی ئیستالین بە مانای ڕەت کردنەوەی بینای سوسیالیزم لە سۆڤیەت و ئیهانەت کردن بە چینی کرێکار و گەلانی سەرانسەری جیهانە . ڕێز لێنان لە خزمەتەکانی پڕ بایەخی ئیستالین لە مەودای 55 ساڵ چالاکی حیزبی ئەو ، دیفاع لە هەڵویستی ئوسولی و دروستی ئەو لە بەرانبەر بەلاڕێ چوونەکانی ڕاست و چەپ ، سەرەرای ڕەخنە گرتن لە هەڵەکانی ئەو بە تایبەت لە شێوەی خەباتی ناوخۆی حیزبی ، ئەرکی سەرشانی هەر کۆمۆنیستێکی ڕاستگۆ و شۆڕشگێڕە . بە تایبەت ئەوەی کە پاش کونگرەی بیستەمی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت خرۆشچۆف و دۆستانی ئەو بە قامک دانان لە سەر هەڵەکانی ئیستالین و گەورەتر کرنی ئەو هێرش بۆ سەر کەسایەتی ئیستالینیان کردە زەمینەیەک بۆ پێشکەشکردنی بۆچوونی ڕوزیزیۆنیستی ڕێگای گەشەکردنی غەیری سەرمایەداری ، تێپەڕ بوونی ئاشتی خوازانە و . . . بەم شێوەیە هێرش بۆ سەر هەڵەکانی ئیستالین بووە پۆششێک بۆ ڕەتکردنەوەی بۆچوونەکانی ئوسولی و دروستی ئەو . بەلام ئەم پروپاگەندە دوور لە ڕاستیانە بە دژی ئیستالین نە مارکسیست – لینینیستەکانی شۆڕشگێڕ لە درێژەدانی ڕێگای ئوسولی و لینینی ئەو ڕادەگرێ و نە دەتوانێ عشق و ڕێزی بێ سنووری پرولیتاریای سەرانسەری جیهان بە ڕێبەری مەزنی خۆی لە ناو ببات . ئەمڕۆکە ڕاستی و دروستی شێوە و شێواز و بۆچوونەکانی ئیستالین لە گۆڕەپانی پەیکاری جیهانی پرولیتاریا زیاتر لە هەموو کاتێکی تر خۆی نیشان داوە . و خەڵکی چەوساوە بە شێوەیەکی بەربلاو ڕێز لە یاد و خزمەتەکانی دەگرن . ئیستالین کە پاش مەرگی خۆی لە بەرانبەر نەیارانی شکستی خواردە بوو ، ئێستاکە پاش ساڵەها دووبارە بە سەر نەیارانی سەرکەوتن بە دەس دێنێ . یادی ئیستالینی مەزن لە ناو دڵی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی سەرانسەری جیهان هەتا هەتایە زیندوو دەمینێتەوە !

**بو وەرگرتنی بلاوکراوەکانی رێکخراو سەردانی سایتەکانی خوارەوە بکەن**

www.fedayi.org

www.kare-online.org






# بەسەرهاتی مردنێکی مێژوویی

## زنجیرە وتاریك لە رادیو دەنگی فیدایی - خەرمانانی ساڵی 1364ی هەتاوی

لە باسەکانی پێشوودا وتمان کە هەر چەشنە گۆڕانکاری لە هەلویستەکانی سیاسی موجاهیدین نابێ بە شێوەیکی ئەساسی بنینە حساب بۆچوون و یان تەمایولاتی ئەم یان ئەو کەسایەتی لە ڕێبەرایەتی موجاهیدین ، بەڵکو ئەم ئالوگۆرانە دەبێ بە گشتی دا لە تایبەتمەندیەکانی گشتی کۆمەڵگا و لە چوارچێوەی هەمان پەیوەندیەکانی ئابووری - کۆمەلایەتی بدۆزینەوە کە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلک زەمانێک دەیوت کە ئالوگۆڕیان بە سەردا دێنێ و ئەمڕۆکە هەوەها کە لە وت و وێژی ڕەجەوی لە گەڵ ڕادیوی ئەمریکا نیشانمان دا ، لە پاراستنی ئەو پەیوەندیانە خۆی بە بەرپرس دەزانێ و هەولی بۆ دەدات . ئێستاکە با ببینین ئەم تایبەتمەندیانە چی ین و ڕێکخراوی موجاهیدین لە سەر ئەساسی چ تەمایولێکی کۆمەلایەتی - چینایەتی پێکهات و بۆ چی ئەمڕۆکە مەوقعیەتی کۆمەلایەتی سەرەتای دامەزراندنی لە دەست داوە ؟ و بۆ چی موجاهیدین بە هەمان ڕادەیەک کە لە رابردوودا بەردی گۆڕانکاری کۆمەلایەتیی لە سینگ دەدا ، ئەمڕۆکە بەردی پێ بەندبوون بە وەزعیەتی مەوجود و یاساکانی کۆن لە سینگی خۆی دەدات ؟ هێندی کەس بە هەڵە پێیان وایە گۆڕانکاری لە هەلویستەکانی سیاسی موجاهیدین ، واتە دابرانی ئەوان لە تەمایولاتی رادیکالی وردە بورژوایی و لایەن گیری ئەوان بەرەولای لیبرالیزمی بورژوایی ، لە یەک شەودا ڕووی داوە و لە هەمان کاتەی هاوپەیمانی بەنی سەدریان وەک ڕێنمای حەرەکەت و ئامانجی ڕوون و ئاشکرای بەرنامەیی لە بەردەم خۆیان قەرار دا ، ڕووی داوە .

ئەمە هەڵەیێکی گەورەیە هەر کات ئەمایولاتی سیاسی توێژبەندێکی سیاسی نە لە گۆڕانکاری چینایەتی ئەو ، بەڵکو ئەساسەن لە شکلی بە ڕواڵەت و زاهیری و تایبەتمەندیەکانی دەرەوەی ئەو بخەینە بەر هەڵسەنگاندن . گۆڕانکاری لە هەلویستەکانی سیاسی هەر جەریان و یان کەسایەتیەکی سیاسی ، جگە لە هەلسەنگاندنی گۆڕانکاری چینایەتی کۆمەڵگا ناتوانێ هەڵسەنگاندنی لە سەر بکرێ . بیر و بڕوا و تەمایولاتی سیاسی لە هەر نەوعێکی کە هەبێ ، جگە لە ڕەنگدانەوەی کۆمەلایەتی ڕاستەقینەی چینەکانی ناوخۆیی کۆمەڵگا نیە ، هەروا کە مێژوویش دووپات کردنی ماندوو کەرەوە و ڕاوەستاوی وەرزەکانی هەتا هەتایی و بێ ئاکام نیە کە بە پێ ویست و یان مەیلی ئەم یان ئەو کەس بە وجود هاتە بێت ، ئەفراد ، جەریانات و ڕێکخراوە سیاسیەکانیش لە ڕەوتی حەرەکەتی مێژوویی کۆمەڵگادا ، نوێنەرایەتی تەمایولات و ویستەکانی ڕاستەقینەی هەر چینێکی کۆمەلایەتی دەکەن و پەیوەندیەکانی ئایدولۆژیک ، خۆی پارێزەری پەیوەندیەکانی مادی بووە ، و لە خزمەتی مەوجودیەت و مانەوەی ئەم پەیوەندیانە قەرار دەدات . گۆڕانکاری ئیجباری لە هەلویستەکانی موجاهیدینیش لەم ئەسڵە جیا ناکرێتەوە و لە سەر ئەم ئەساسە دادەنرێ . لە ڕاستیدا ڕەوتی پاشگەز بوونی هەڵویستەکانی موجاهیدین لە رادیکالیزم بەرەو لیبرالیزم دەبێ لە

وەزعیەتی ئەو چین و توێژانەی هەلیان بسەنگێنین کە موجاهید رۆڵی ڕێبەرایەتی و ڕاهێنانی ئەویان لە ئەستودا بووە .

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک وەک نوێنەری تەمایولاتی رادیکاڵ و پێشکەوتنخوازی وردە بورژوازی ئێران ، لە هەلومەرجێک پێی نایە مەیدانەوە کە ئەگەر چی گەشە کردنی سەرمایەداری ، بووە هۆی پارچە پارچە بوونی وردە بورژوازی ئێران و بە چەندین توێژی جیاوازی دابەش کرد ، بەلاّم هێشتا ئەم تەعسیراتە بەو ڕادەیە زۆر نەبوو و وردە بورژوازی ئێران لە تەواوەتی خۆیدا ، هێشتا تەمایولاتی رادیکاڵ و دیموکراتی نیشان دەدا .ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک ئەگەر چی مەوجودیەتی خۆی بە رەسمی لە خەرمانانی ساڵی 50 و پاش دەستگیر بوونی 30 کەس لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی خۆی ڕاگەیاند ، بەلام مێژووی پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوە هەروا کە خۆی دەڵێ دەگەرێتەوە بۆ ساڵەکانی 44 و 45 کە وەک مەحفلێک لە نەهزەتی ئازادی ئێران بە ڕێبەری بازرگان جیا بووەوە و چالاکی سیاسی خۆی لە دژایەتی لە گەڵ دیکتاتوری سەڵتەنەتی و بە دژی سوڵتەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەستی پێکرد . ئەگەر لە ئورووپای ساڵەکانی شۆڕشگێرانەی 50 -1848 و بە تایبەت لە ولاتی فەرانسە ، کە گەشە کردنی سەرمایەداری کۆمەڵگای زیاتر لە هەموو کاتێکی تر بە چینەکانی جیا لە یەکتر دابەشکردە بوو و دژایەتیەکانی نێوان چینەکانی زیاتر و تووندتر کردە بوو ، ئەگەر لە ئوروپای سەدەی هەژدە و نۆزدە ، خەباتی مێژوویی چینەکان سیمایێکی بە تەواوەتی ئاشکرا و تایبەتی بە خۆوە گرتبوو و سنووردانانەکانی چینایەتی بە بەرجەستەترین و زەقترین هێڵەکان لە یەکتر جیا دەکرایەوە ، بەلاّم لە ئێران و بە هۆی حاکمیەتی درێژ خایەنی سیستەمی دەرەبەگایەتی ، ئەم سنووردانانە تاکو ماوەیێکی زۆر بە وجود نەهات و ڕیزبەندی چینایەتی تاکو پێش لە دەیەی 50ی ئەم سەدەیە ، بەو شێوەیە لە یەکتر جیا نەدەکرایەوە . شۆڕشی مەشرووتەی ئێران سەرەڕای بەربلاوی و ڕیشەدار بوونی ، درێژخایەن بوونی ساڵەکانی شۆڕشگێرانە و سەرەڕای تەعسیراتی بنەرەتی کە لە وەزعیەتی ئابووری - کۆمەڵایەتی وڵات بە جێ هێشت ، بە پێچەوانەی شۆڕشەکانی بورژوایی ئوروپا ، لە نیوەی ڕێ دا ڕاوەستا و سنووردانانەکانی چینایەتی لێڵ مایەوە . نەبوونی جیاوازی لە ڕیزبەندی چینایەتی ڕەنگانەوەی خۆی بە روونی لە سەر ڕیزبەندیەکانی سیاسی کۆمەڵگا بە جێ هێشت . بەو ڕادەیە کە لە کاتی ڕاپەرینی ڕێبەنداننیش نەوعێکی بێ سنووری چینایەتی لە ناو ڕیەکانی هێزەکانی سیاسی مەوجود دەبینرا . هەم لە شۆڕشی مەشرووتە و هەم لە دەورەی پاش ئەو واتە لە دەورەی بەرزبوونەوەی سەر لە نوێی بزووتنەوەکانی دژی ئیمپریالیستی و دژی سەڵتەنەتی لە ساڵەکانی 34 – 1328 کە لەو مەودایە تەمایولاتی شۆڕشگێرانەی خەوتووی کۆمەلانی زەحمەتکێش دووبارە هەستایەوە ، هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بریتی لە کرێکاران ، جووتیاران ، وردە بورژوازی شار و بورژوازی بێ ڕیز بەندی چینایەتی دیاریکراو بە دژی حکومەتی سەڵتەنەتی و بە دژی سوڵتەی ئیمپریالیزم ڕاپەرین ، سنووردانانی چینەکان دیاری نەکرو و تایبەتمەندی گشت خەڵکی بزووتنەوە هەروا وەک خۆی مایەوە . چینی کرێکار کە لە مەودای ئەم دەورەیە لە باری چەنیەتی زۆر بووەوە ، هەم بە هۆی لاوازی پێکهات و هەم لە ژێر تەعسیری ڕێبەرایەتی ڕیفۆرمیستی و خائینانەی حیزبی توودە ، نەیتوانی سەربەخۆیی چینایەتی خۆی بە دەست بهێنێ و سنووری چینایەتی خۆی لە گەڵ توێژەکانی تری کۆمەڵایەتی دیاری بکات . تەنیا لە گەڵ گەشەی سەرمایەداری لە 15 ساڵ پاش ڕیفۆرمی ئەرزی بوو کە ڕیزبەندیەکانی چینایەتی بە باشی خۆی نیشان دا و چینی کرێکاری ئێران وەک هێزێکی بە توانا هاتە ناو گۆرەپانی خەباتی کۆمەڵایەتی . پاش ساڵەکانی 1342 و لە گەڵ پەرەسەندنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری ، کرێکارانی سەنعەتی تازە کە پێش لە ئەودا تەنیا لە سنووری دیاریکراو وەک بەرهەم هێنانەکانی نەوت ، سەنعەتەکانی چاپ ، ڕەستن و چنین و دوخانیات کۆ بوونەوە ، لە حەوزەکانی نوێ و بە چەنیەتی نوێ هاتنە مەیدان ، لە گەڵ هاتنە مەیدانی توێژێکی گەورە لە کرێکارانی سەنعەتی تازە بۆ گۆرەپانی بەرهەم هێنانی وڵات ، ڕیزبەندیەکانی نوێ لە گۆرەپانی خەباتی چینایەتی هاتە ئاراوە . و تەعسیراتی عەینی و بەرچاوی خۆی لە سەر ڕاپەرینی ڕێبەندان بە جێ هێشت . ڕاپەرینی ڕێبەندان سنوورەکانی چینایەتیی هەرچی زیاتر دیاری کرد و زەمینەی بۆ کۆتایی هێنان بە تێکەڵاوی چینایەتی فەراهەم کرد . سەرمایەداری بۆ گەشە کردنی خۆی مەجبوور بوو دەرەبەگایەتی لە بازنەی ئابووری دەر بکات . ڕیفۆرمی ئەرزی شا ئەم کارەی بە لاوازترین شێوەی مومکین و بە ئاهەنگێکی سەرخۆش کەرەوە ئەنجام دەدا . . ئیمتیازاتی دەرەبەگایەتی وردە وردە لە ئەوان زەوت



دەکرا ، تەنیا بۆ ئەوەی کە حاکمیەتی سەنعەتی ئەوان بۆ جارێکی تر بە سەر زەوی مالیک بکات . ناوەرۆک یەک شت بوو . یاساکانی دەرەبەگایەتی بە زمانی بورژوایی تەعبیر دەکرا و سەردار ئەشرافەکان ، سەڵتەنەتولمەمالکەکان و جەنابولدەولەکان جێگای خۆیانیان دەدایە نەجیب زادەکان و پلە بەرزەکان .

بە شێوەیکی گشتی دا هێزەکانی دەرەبەگ تووشی زەرەری زۆر نەبوون و بە پیویستیان نەدەزانی کە بەو شێوەیە لە بەرانبەر بورژوازی موقاوەمەت بکەن . ئەم ئالوگۆرە ئارامانە پیویستی بوونی بەرەی میللیی بە تەواوەتی رەت دەکردەوە و جێگایێکی بۆ سیاسەت بازی ئەوان نەدەهێشت . رەنگدانەوەی ئەم حەرەکەتە لە ناو بەرەی میللی بەم شێوەیە بوو کە ئەگەر هەموو شتێک هێدی هێدی بەرەو پێش بڕوات ، ئەگەر خوێنێک نەرژێ ، ئەتوانین هیوادار بین کە بەرە بەرە و هەنگاو بە هەنگاو ئستبدادی دەرەبەگایەتی بگۆڕین بە دیکتاتوری بورژوایی و سەڵتەنەت بگۆڕین بە حکومەتی کۆماری .

موجاهیدینی خەڵک لە راستیدا لەو کاتانە وەک ئاکامی شکستی یەکجاری لیبرالیزمی ئەحزابی پێک هێنەری بەرەی میللی و بە تایبەت نەهزەتی ئازادی ئێران کە بە هۆی گۆڕانکاری سەرچاوە گرتوو لە ریفۆرمی ئەرزی شا و گۆڕانکاریەکانی پاش ئەو زەرورەتی وجودی خۆی بە تەواوەتی لە دەست دابوو ، پێک هات . موجاهیدی ئەم ساڵانە بە سنووددانانی بێ ئەم و ئەولا بە دژی لیبرالیزمی ئەم ئەحزابانە ، خەبات بە دژی دیکتاتوری هەوسار پچراوی پەهلەویی دەس پێکرد . دیکتاتوریەک کە بە سەرکوتی لە رادە بەدەری ساڵەکانی 42بە دواوە ، لە سەر زەمینەی ریفۆرمی ئەرزی پایەکانی خۆیی هەنگاو بە هەنگاو قایمتر دەکرد و بە شێوەیکی دواکەوتووانە گۆرانکاریەکانی سەرمایەداریی لە سەرەوە ئەنجام دەدا و پەرە بە سوڵتەی سەرمایە و پەیوەندیەکانی کالایی لە دوورترن شوێنەکانی وڵات دەدا . کارێک کە وەلامی نەدەدایە پیویستی بە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ، بەڵکو لە راستیدا لە جەهەتی عەکسی ئەم پیویستیە و بە دواکەوتووترین شێوەی مومکینی خۆی کاری دەکرد . دیکتاتوری سەڵتەنەتی لە مەودای ئەم ساڵانەدا بە پشتیوانی تەواو لە ئیمپریالیستەکان ، رێگای هاتنی سەرمایەکانی ئیمپریالیستی نەک لە سەر ئەساسی زەرورەتەکانی کۆمەڵایەتی و کردنەوەی رێگای گەشە کردنی هێزەکانی بەرهەم هێنەر ، بەڵکو لە راستیدا بە پێچەوانەی ئەو ، واتە بەربەست کردنە هەرچی زیاتری ئەو کردە بووەوە . لەم رووەوە بە بێ ئەوەی کە گەشەی ئابووری و بوژانەوەی کۆمەڵایەتی لە بەرچاو بگرێ ، بە خێرایی بووە هۆی وەرشکستەگی و فەلاکەتی بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگا لە بەرانبەر کۆبوونی داهاتەکان و کۆبوونی سرووەت لە ناو دەست کەمینەیێکی لە سەرمایەداران و دەربارییەکانی حاکیم و ئەربابانی ئیمپریالیستی ئەوان .

یەکەمین قوربانیانی ئەم سیاسەتە دواکەوتووانەیە ، ملیونەها کەس لە جووتیاران و گوندنشینانێک بوون کە ئاوارەی شارەکان بوون و پەیوەست بوون بە ریزی کرێکارانی شاری . ئاکامی ئەم جەمسەر بەندیە ، دابەش بوونی خێرای بورژوازی ئێران بە بەشەکانی جیاواز بوو کە هەر کام لە ئەوان خاوەن تەمایولاتی تایبەت بە خۆیان هەبوون . رژیمی پەهلەوی لە گەل ریفۆرمی ئەرزی و پەرەپێدانی پەیوەندیەکانی کالایی ، لە لایەکەوە دروشمەکانی لیبرالی لە ئەحزابی وەک بەرەی میللی و نەهزەتی ئازادی زەوت دەکرد و هەر جۆرە ئیمکانی مانور دانەوەیێک لەوان سەلب دەکرد ، و لە لایەکی ترەوە مەوقعیەتی حاکمیەتی خۆی بە پاڵپشتی بە چینی سەرمایەداران پتەوتر دەکرد و دیکتاتوری ئاشکرای سیاسی خۆی لە سەر ئەم زەمینەیە دامەزراند . تەنیا شوینێک کە حەرەکەتی رژیم بۆ ئەم حیزبانە هێشتبوو ، تەنیا وز و وز کردن بوو لە بارەی بوونی دیکتاتوری و زەوت کردنی ئازادی کە ئەویش بە هۆی سەرکوتی توند ، ئیمکانی سەرهەڵدانی نەبوو و لە ئاستی هەمان وز و وز کردنانەی نێوان کەسەکان مایەوە . لە ئاوا هەلومەرجێکدا تەمایولاتی رادیکاڵی ناوخۆی بەرەی میللی و لە سەرەوەی هەموویان نەهزەتی ئازادی ، لە رووی زەرورەتدا ریزی خۆیان لە رێبەرانی کۆنەکار جیا کردنەوەو رێکخستنی جوولانەوە و شۆرشی کۆمەڵانی وردە بورژوا بە دژی وەزعیەتی مەوجود ، بە ئەرکی فوری خۆی زانی . بەڵام لە هێلەکانی گشتی و ئامانجەکانی بەرنامەیی ، خزمایەتی نزیکی هەبوو لە گەڵ تایبەتمەندیەکانی ئەحزابی پێش لە خۆی .

تەمایولاتی قوول و بنەرەتی بە دەوڵەتی مەزهەبی کە لە هەمان سەرەتاوە لایەنی تایبەتی و هۆی ناسینەوەی موجاهیدین بوو ، رەنگدانەوەی دەقیقی ئەم تەمایولە خزمایەتیە بوو . ئێستا ئەم پرسیارە پێش دێت کە ئەم تایبەتمەندیانە چ بوون . بەرەی میللی موسەدق کە خۆی درێژەی خەباتەکانی دژی ئیستعماری و دژی

موجاهیدینی دەورانی سەڵتەنەتی پەهلەوی ، ئۆپوزیسیونی شۆڕشگێڕی چالاک و خەباتگێڕێک بوون کە تایبەتمەندیەکانی ئەوان لە گەڵ هەڵویستەکانیان بە دژی سەڵتەنەت جۆر دەردەهات . بەلام ئەمە تایبەتمەندی خۆدی سەڵتەنەت بوو کە لە گەڵ وەزعیەتی سەرمایەداری ئێران و پیویستیەکانی مێژوویی هێزەکانی بەرهەم هێنەر جۆر دەرنەدەهات .

ئیستبدادی بورژوازی لاوازی دەورانی شۆڕشەکانی مەشرووتیەت بوو ، لە ساڵی 321 بە هۆی زاڵبوونی لیبرالیزم بە سەر ئەو ، شکستی هێنا و بە بەرزبوونەوەی سەر لە نوێی بزووتنەوەی خەڵکی لە ساڵەکانی 40 تاکو 47 هێشتا سەری لە لاکی خۆی دەر نەهێنا بوو کە لە بەرانبەر کردەوەکانی ڕژیم لە بواری ریفۆرمی ئەرزی و بە وجود هێنانی زەمینەکانی گەشە کردنی سەرمایەداری ، چەک کرا . بەرەی میللی لەم سالانەدا تەنیا بە دروشمی " ریفۆرمەکانی ئەرزی بەڵێ ، دیکتاتوری نە ! " رازی بوو و لە کۆتائیدا سیاسەتی دژی ئیستعماری کە لە بەرەی میللی موسەدق بەیانی خۆی لە سیاسەتی هاوسەنگی مەنفی ئەو نیشان دەدا ، بە کردەوە لە بەرنامەی خۆی رەش کردەوە و تەنیا لایەنی دژی ئیستبدادی بەرنامەکەی گرت ، بەلام بە هۆی لیبرالیزمی حاکیم لەم بوراەیشدا پێداگر نەبوو . بەم شێوەیە بەرەی میللی و نەهزەتی ئازادی ، لە لایەکەوە رۆڵی خۆیان وەک نوێنەری بورژوازی لە دەست دابوون و لە لایکی ترەوە چیتر نەیانتوانی نوێنەرایەتی تەمایولاتی رادیکاڵی توێژەکانی وردە بورژوازی بکەن . چیتر ئیعتماد و بروا نەمابووە بەرەی میللی و جەریاناتێک وەک ئەو . تەنانەت بۆ توێژەکانی مورەفەی وردە بورژوازیش ئەم جەوریاناتە جەزەبەیکی نەبوو .

پاش ئەم شکستە ، رێکخراوی موجاهیدین بە زیندوو کردنەوەی تەمایولاتی دژی ئیمپریالیستی و دیموکراتیک و پاڵپشتی بە هێزەکانی دیموکراتی کۆمەڵگا کە بە گشتیدا لە تاکتیکەکانی قەهر ئامیز و دروشمەکانی خێرای ئەو بە دژی رژیمی سەڵتەنەتی ، سوڵتەی ئیمپریالیزم و ئەرتشی سەرکوتگەر ، خۆی نیشان دەدا ، خۆی لە تەمایولاتی لیبرالی نەهزەتی ئازادی جیا کردەوە و جێگای خۆی لە ناو توێژەکانی رادیکالی وردە بورژوازی و بە تایبەت روناکبیرانی پێشکەوتنخوازی مەزهەبی کردەوە .

موجاهید کە ئامانجی خۆی لە سەر زەمینەی هەمان بەرنامەی بەرەی میللی واتە سیاسەتی دژی ئیستعماری – دژی ئیستبدادی پێشووی بورژوازی لاواز و بێ هێزی مەشرووتیەت دامەزراندە بوو ، بە لە بەرچاو گرتنی جێگەی چینایەتی خۆی ، لە بەرانبەر هێرشی هەوسار پچراوی پەیوەندیەکانی کالایی پاش ریفۆرمی ئەرزی ، هەستانی وردە بورژوازی سونەتی لە حاڵی دابەش بوونی بە دژی دیکتاتوری پەهلەوی تیئوریزە کرد و وەک خەت و شێوازی خۆی رایگەیاند . لە سەر دێری ئەم خەت و شێوازەدا خەبات بە دژی سوڵتەی ئیمپریالیزم ، ئەرتش و حکومەتی سەڵتەنەتی دانرا بوو و باشتر کردنی وەزعیەتی ئابووری – کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنەرانی ورد لە ئەرکەکانی یەکەمی خۆی لە چوارچێوەی مەزهەب دانابوو . رەنگدانەوەی ئەم دژایەتیە ، دروشمی کۆمار و مەزهەب بوو کە بوو هۆکاری بەرنامەیی موجاهیدین .

موجاهیدینی دەورانی سەڵتەنەتی پەهلەوی ، ئۆپوزیسیونی شۆڕشگێڕی چالاک و خەباتگێڕێک بوون کە تایبەتمەندیەکانی ئەوان لە گەڵ هەڵویستەکانیان بە دژی سەڵتەنەت جۆر دەردەهات . بەلام ئەمە تایبەتمەندی خۆدی سەڵتەنەت بوو کە لە گەڵ وەزعیەتی سەرمایەداری ئێران و پیویستیەکانی مێژوویی هێزەکانی بەرهەم هێنەر جۆر دەرنەدەهات . ئەم نەبوونی هاوئاهەنگیە ، هەڵویستەکانی موجاهیدینی تووشی دژایەتی ئاشکرا و بەرچاوێک دەکرد . تێکەڵاوی لە ئایدولوژی و سیاسەت ، هێنانی بیروبڕواکانی کۆن لە دروشمەکانی سیاسی شۆڕشگێرانە و تێکەڵ کردنی مەزهەب و دەوڵەت . بە زمانی سادەتر توێژەکانی وردە بورژوازی بە تەواوی لە یەکتر جیا بوونەوە . بەشێک کە رێگای مانەوەی خۆی لە بەدوادا رۆیشتنی بورژوازی دەدۆزیەوە و بەشێکی دیکە کە کە دەبوایە رێبەری ژینی کرێکار قبوول بکەن . موجاهید ئامانجی بەرنامەیی خۆی لە تێکەڵاوی بەم دوو بەرنامەیە دانابوو . بەلام ئەم دوو شێوە بیر کردنەوەیە و تێکەڵاویە زۆری نەخایاند کە هەمووی وردە بورژوازی لە ئاکامی گەشە کردنی سەرمایەداری ئێران هێشتا بە تەواوەتی لە یەکتر جیا نەبوونەوە . واتە تا ئەو جێگایە کە سەڵتەنەت دەیتوانی بمینێتەوە و وەک سەرخانی کۆمەڵگای سەرمایەداری خۆی بپارێزێ . هەروەها کە شێوەی حکومەتی سەڵتەنەتی لە دژایەتی لە گەڵ گەشە کردنی کۆمەڵگای سەرمایەداری بوو ، موجاهیدیش وەک نوێنەری قازانجەکانی تەواوەتی وردە بورژوازی



بورژوازی و ئاخیرین شێوەی دژایەتی پرۆسەی کۆمەڵایەتی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ئێران دەناسرا . بە کۆرتیدا : تا ئەو کاتەی کە نموده‌کانی کۆمەڵگای کۆن ، تەعسیراتی دژ بە یەکی خۆی لە سەر کۆمەڵگای سەرمایەداری ئێران بە تایبەتی لە دەیەی 40 بە دواوە دادەسەپاند ، ئیلتقاتی گەری موجاهیدین ، تەعسیراتی بەکردەوەی ئەوتوی نەبوو . لە بەر ئەوەی کە ئەم دژایەتیە هەر چەند لە تایبەتمەندی چینایەتی خۆدی وردە بورژوازی خۆی هەشار دابوو ، بەڵام لە سیاسەتدا رەنگدانەوەی دووجۆرەی نەبوو و لە سوور بوونی موجاهیدین لە خەبات بە دژی سەڵتەنەت و ئیمپریالیزم کەم نەدەکردەوە . بەم هۆیە تایبەتمەندی دژی ئیمپریالیستی و دژی سەڵتەنەتی موجاهیدین زۆر زوو بووە هۆی رێکخستنی گەرایشاتی رادیکاڵی وردە بورژوازی ئێران و زەمینەکانی چوونە ناو ریزەکانی کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کۆمەڵگای فەراهەم کرد . زۆری نەخایاند کە رێکخراوی موجاهیدینی خەڵک بووە هێزێکی مەزنی کۆمەڵایەتی . و تەمایولاتی خەوتوو و سەرکوت کراوی وردە بورژوازی ئێرانی ، هەم لە بزووتنەوەی مەشرووتە و هەم ساڵەکانی 32 و 41 بە دواوە ، لە ئاڵای ئیلتقاتی موجاهیدین باشترین و گونجاوترین هۆکاری رێبەری خۆی دۆزیەوە. موجاهید لە راستیدا بووە پەناگایێک بۆ کۆبوونی گەرایشاتی تێکەڵاو لە تەمایولاتی سەرکوتکراوی بورژوازی لیبراڵی ئێران بە ئیزافەی تەمایولاتی شۆرشگێرانە و رادیکاڵی وردە بورژوازی لە ژێر فشاری سەرمایەکانی ئیمپریالیستی ، لە دەورانی سەڵتەنەتی پەهلەوی .ئەساسی ئەم نفوزە لە سەر نەفرەتی کۆمەڵانی زەحمەتکێش لە رژیمی سەڵتەنەتی شا و بیروەوریەکانی بە ناوادا زێرینی دەورانی موسەدق و لە سەر بیرو بڕواکانی بەرەی میللی دامەزرا بوو . موجاهید رەنگدانەوەی تەمایولاتی سەرکوتکراوی خەڵک و ئەو بەشەی لە بورژوازی ئێران بوو کە ئەیویست شێوەی کۆماری بە جێ سەڵتەنەت دامەزرێنێ و خۆی لە ژێر فشاری ئیمپریالیزم ڕزگار بکات . بەم رابردووە مێژووئیە نە خەباتی دژی ئیستعماری موجاهیدین لە گەڵ ناوەرۆکی حەرەکەتی کۆمەڵگا رێک دەبوو و نە خەباتی دژی ئیستبدادی ئەوان . لە بەر ئەوەی کە چیتر نە ئیستعمار بە شێوەی کۆن وجودی هەبوو و نە ئیستبدادی پاش ساڵی 42 ئیستبدادی قاجاری و رەزا خانی بوو . لە هەلومەرجی دامەزراندنی موجاهیدینی خەڵک ، ئیمپریالیزم لە پەیوەندیەکانی ئابووری - کۆمەڵایەتی حاکیم بە شێوەی هەموو لایەنە جێگیر بوو و جێ پێی خۆی قایم دەکرد ، هەروا کە دیکتاتوری چینی سەرمایەدار بە پێچەوانەی ئیستبدادی دەرەبەگایەتی شێوەیکی دیاریکراوتری بە خووە دەگرت ، و ریزبەندێکی تری چینایەتیی لە بەرانبەر خۆی قەرار دەدا . لە راستیدا رێکخراوی موجاهیدین بە دروشمی خەباتگێرانەی رابردوو لە هەلومەرجی نوێ و لە مەوقەعیەتی ئابووری - کۆمەڵایەتی و سیاسی تازەیەک پێی دەنا مەیدانەوە ، کە لە گەڵ هەلومەرجی رابردوو فەرسەخ فەرسەخ نێوانی هەبوو . لە گەڵ رەوتی خەباتی چینایەتی و جیابوونەوەی چینایەتی کۆمەڵگا ، ئاشکرایە رێکخراوێک کە بەم تایبەتمەندیانە پێی ناوەتە ناو مەیدان ، بە کردووە و لە حەرەکەتی خۆی تووشی جیابوونەوە دەبێ ، لە بەر ئەوەی کە بە ئاڵای پێشوودا نەیدەتوانی لە مەیدانی شەڕ و پەیکاری ئێستادا بگاتە مەبەستێک . بەڵام ئەم دژایەتیەی موجاهیدین ، خاوەن ریشەی چینایەتیی قووڵی خۆی هەبوو . وردە بورژوازی سونەتی ئێران کە کەوتبووە بەر هێرشی پەیوەندیەکانی زاڵی نوێ ، لە باری چینایەتی بە توونددی تووشی جیابوونەوە بوو و نوێنەرانی سیاسی ئەویش عاجیز لە تێگەیشتنی گۆرانکاریەکان و بە بێ باوەر کردنی ئەم گۆرانکاریانە ، مەرگی چینایەتی خۆی لە ڕاکردن لە رابردوو و ترس لە داهاتوو نیشان دەدا . موجاهید وەک نوێنەری ئەم هێزە خەبات بە دژی حەرەکەتی نوێ رێک خست ، بە بێ ئەوەی کە لە تایبەتمەندیەکانی ئەو تێ بگات ، لە گەڵ تێروانینی کۆن دەچووە شەڕی واقیعەکانی نوێ کە لە سەری ئیجبارداا لە رەوتی داهاتووی خۆیدا مەحکوم بە دان پێنان بە هەمان واقیعەتە و ناسینی بەباشی ئەو و وەرگرتن و دیاریکردنی خەت و شێوازی خۆی نەک لە رابردوو ، بەڵکو لە گۆرانکاریەکانی ئەو رۆژە و بۆ داهاتوو بوو . ئەگەر موجاهیدینی خەڵک لە ساڵی 44 ، ئاڵاهەڵگری پاراستنی نەریتەکانی دژی ئیستبدادی و دژی ئیستعماری بوون ، ئەمرۆکە ئیتر لە گەرانەوەی ئیجباری مێژوویی خۆی ، رێبەرانی ئەوان پێی خۆیان دەنێنە جێ پێی سەرکردەکانی بەرە و نەهزەت لە ساڵی 42 دا ، واتە خەبات بۆ ریفۆرم ئەویش لە تەنیا سنووری دژی ئیستبدادی دا . بەڵام موجاهیدینی خەڵک چۆن گەیشتوونەتە ئەم جێگایە و لەم پرۆسە دوور و درێژەدا چ ئالوگۆر و گۆرانکاریەک لە رێگای پڕ لە پێچ و خەمی رووداوەکان بە سەر کردوون .

  

# پەرەسـاندنی رۆژ لـە دوای رۆژی گرانـی و هـەژاری لـە رێژیمـی کۆماری ئیسلامی

گرانی و هەژاری ، کەم بوونی پێداویستیەکانی گشتی قورسایی خۆی خستووتە سەر شانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ولاتی ئێمە . ئەگەر چی لە مەودای دەسەلاتداریەتی کۆماری ئیسلامی رۆژێک نەبووە کە هەژاری و چارە رەشی زۆرتر لە رۆژی پێش ژیانی کۆمەلانی خەلک رەش نەکاتەوە , بەلام کاتێک کە تێکەل بە هەموو چەشنە سیاسەتێکی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی دژی کۆمەلانی خەلک دەبێت , قورسایی هەژاری و چارە رەشی بە سەر شانی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش هەر چی قورس تر و تاقەت پرۆکێن تر دەکات .

شەرخوازی و رووداوخوازی و سەرکوتی ناوخۆیی , دزی و تالان , بێکاری و بێ خانوویی , لەش فرۆشی و هەزاران تکبەتیتر , دیاری دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامیە بۆ خەلکی هەژار و چەوساوە.

گرانی لە رادە بە دەرەی پێداویستیەکانی گشتی و زۆر بوونی بێ سنووری نرخی کەرەسەکانی پێویست بۆ کۆمەلانی خەلک لە هەڵ و مەرجی قەیرانی ئێستا , لە هەڵ و مەرجێک کە کۆماری ئیسلامی هەموو سەرچاوەکانی داهاتی ولات بۆ ئامانجەکانی گلاوی رووداوخوازی و بەرین خوازی و دەستێوەردان لە کاروباری ولاتانی دراوسێ و کردەوەکانی سیخوری و تیروریست تەرخان دەکات و بە هەموو شێوەیێک لانی کەمی دەس رەنجی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێشیش لە دەستیان دەر دێنێ , شتێکە کە لە مەودای 30 ساڵ دەسەلاتداری کۆماری ئیسلامی , هەر رۆژە پەرەدەستێنێ .بەلام هۆی گرانی و هەژاری و چارەرەشی کۆمەلانی خەلک تەنیا ئەم یان ئەو کردەوەی رێژیم نیە , و هەموو کردەوەکانی و هەلویستەکانی رێژیم لە چوارچێوەی درێژەدانی سیاسەتەکانی هەلدەسەنگێندرێت . و لە یەک ووتەدا هەموو کردەوەکانی دواکەوتووانە و سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی نیونەتەوەیی درێژەی سیاسەتەکانی دواکەوتووانەی ئەوە لە بوارەکانی سیاسی _ ئابووری _ کۆمەلایەتی _ فەرهەنگی و هتد ...

برسیەتی و هەژاری و بێکاری ئاکامی حەتمی دەسەلاتداریەتی سیستەمی سەرمایەداری و قەیران و تێک شکانی ئەوە . سەرمایەداری تەنیا بە سەر ئەو پەیوەندیانەی دامەزراوە کە لایەنێکی ئەو هەژاری و ماڵ وێرانی و کردنی زۆربەی هەرە زۆری ئەوان بە کرێکار پێک دێنێ کە هیچ سەرمایەیێک جگە لە هێزی کاری خۆیان بۆ فرۆشتن بە سەرمایەداران لە بەرانبەر نانی بژیو و نەمر بە دەستەوە نیە و لایەنێکیتری ئەم پەیوەندیانە ئەو سەرمایەدارانەیە کە لە گەڵ دەست بە سەر داگرتنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و هەموو سامانەکانی کۆمەلایەتی لە گەڵ بە کار هێنانی هێزی سەرکوتگەر , زۆربەی هەر زۆری کۆمەلگا مەجبوور بە تەحمولی تاقەت پرۆکێن ترین هەڵ و مەرجەکانی چەوساندنەوە دەکەن . راستی ئەمەیە کە هۆی پەرەساندنی رۆژ لە دوای رۆژی گرانی و هەژاری , بێ بەند و باری سەرمایەداران لە تالانی هەر چی زۆرتری دەس رەنجی چینی کرێکار و قەرەبوو کردنی بودجەکانی تەرخان کراو بۆ ئامانجەکانی سەرکوتگەرانەی سەرمایەداران بە سەر شانی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێشە .

گرانیو هەژاری کاتێک لە ناو دەچێ , ئەم هەموو دەرد و رەنجە کاتێک کۆتایی پێ دێت , کە دەسەلاتی چەوسێنەرانە و ستەم کارانەی سەرمایە بە هەموو ئامرازەکانی جەهەنەمی و سەرکوت و تالانی ئەوە لە ناو بچێت و دەسەلاتی دیموکراتیکی کۆمەلانی خەلک دامەزرێ , کرێکاران و زەحمەتکێشان چارە نووسی ئابووری و سیاسی خۆیان دیاری بکەن .



# تفنگ

شعری از سیاوش کسرایی

چه دیر بدست آمدی ای واژه‌ی آتش زا !
ای تفنگ پر غوغا
همواره تو آغازی
با خلق سلام با دشمن پایان کلامی
چون دشمنم از هزار سو راه ببست
ای شعله دلپذیر !
ناگزیر با دست نیازموده بردم به تو دست
یارا کن با من
مدارا کن با من
ای چوب تراش رنج با تن برده
ای آهن سخت سرد صیقل خورده
ای یک شبه مهمان و صد ساله رفیق
با من باش
در سینه‌ی تنگ من در کنار
من بمان و
ایمن باش
هر کس را , ناکس را که جستجو داری ,
هر میوه‌ی دل
که آرزو داری ,
هر خواهش ,هر نوازشت با من

ای تفنگ دلبندم
تیر ترکشت با من
کوچک بودم , تنها
بودم و تک بودم
اندک تا به یمن آوایی
برخواستن دستی
پیش آمدن پایی
ده گشتم و صد
هزار و ملیون
صحرا صحرا بنگر!
از شماره بیرون است
یک عمر به ناروایی آن نامرد دیدی چه به
روزگارامان آورد ؟
اینک تو بگو هر آنچه باید گفت
اینک تو بکن هر آنچه باید کرد
بشکف بشکف ای دهان آتش گو
که از دست نمی‌دهم تو را آسان
شو آزادی به خانه‌ام آور !
رو داد مرا ز ناکسان بستان


ناونیشانی سایتی ڕێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیك و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ڕێکخراو بریتین لە :
www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571


**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی, دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**